# جياوازي دين لة سياسةت ... سةلاح عبدولآ ثوور

لە دوای 26 ساڵ جە نایەتوو ماڵوێرانکەری کەبە ناوی دین لە ئێراندا کرا. ئێستا ئازادیخوازانێک بە هە ر گە رایشێکی فکری و ئیعتیقادی، گێشتوونە تە ئەو قە ناحە تە کە بە زاڵ بوونی دین بەسەر کارو باری سیاسی کۆمەڵگادا، گێشتن بە ئازادی و سەربەستی لە بووارەکانی جۆراوجۆردا شتێکی ناموومکینە و ڕەنگدانەوەی دین لە کاروباری وڵاتدا هیچ شتێکی بێجگە لەوەی کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو 26 ساڵەدا کردوویەتی، ناتوانێ لەخۆبگرێ.

هەر بە پێی قەناحەت هێنان بەو حەقیقەتە یە کە دەبینین ئەمڕۆکە ئەساسێکی وەک ئازادی دین، جیاوازی دین لە سیاسەت، لە لایەن زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکەوە کە باوەڕیان بەو ئەساسە هە یە پێشوازی لێ دەکرێ و لە لایەن ئەوانەوە بە نێویی (ویستی میللی) بۆ گەورەیی و لێهاتووی گەلانی ئێران لە داهاتوودا باسی لەسەردەکرێ.

گەلانی ئێران ئەمرۆکە بەو قەناحەتە گێشتوونە کە سەربەستی هەموو دینەکان لە یەکسانی ئوانەوەیە و ئەو بەرابەریە ناتوانێ بێتەدی کە دینێکی تایبەت خۆی پێ باڵادەست تر بێ لەوانی تر.

ئازادی دین و ئاینەکان لە واقعدا ئازادی باوەڕی ئینسانەکانە و لە هەمانکاتدا بناغەی ئازادی فکری و ڕادەربڕینە. لە پەنا ئەو ئازادیەیە کە ئەندیشە و باوەڕەکان گەشە دەکەن و زانست و گەورەیی دەردەکەوێ و ڕێگاخۆشکەر دەبێ بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە هەموو بارەکانی ژیاندا .

ئەگەر لە دوونیای غەرب، پێش تێپەربوون لە دەورانی ڕوناکبیری، پێینایە شارەگی پێشکەوتن و تەمەدونی عەجیبی دوونیای پێشکەوتووی ئەمرۆیان هێناوەتە کایە، لە ئاکامی ئەو ئازادیانەو دوربوونی دین لە سیاسەتوو حوکمرانیدا بوو کە توانیان بەم قۆناغە بگەن.

لێکۆلینەوە لەسەر بناغەی پێشکەوتنی دونیای موتەممەدنی غەرب، چاوخشاندن بە ڕوداوەکانی مێژوی ئێران لە دەورانی باستانەوە تاکوو ئێستا، لێکۆڵینەوە کردن لە روکەردی دین سالاری و دین ستیزی لە لایەک و ئازادی دین وئائین لە لایەکی دیکەوە و هەروەها چاوخشاندن بە کارنامەی حکومەتی دینی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، ئەزموونێکی مێژوویی زۆر بەقیمەتە کە بە ڕاستی (ویستی میللی) ئازادیخوازانی ئێرانی واتە ئازادی دین_ جیاوازی دین لە سیاسەت و دامەزراندنی دەولەتێکی دێمۆکراتیک و فرەیی کە ڕێز لە هەموو پێکهاتەکانی گەلانی ئێران بگرێ و حەقوو حقوقی هەموو هاووڵاتیانی ئێران لە هەموو بارەکانی ژیانەوە بپارێزرێ، نەتەوەکانی ئێرانیش لە مافی چارەی خۆنوسی خۆیان بێ بەش نەکرێن و هەموو لایەک پێکەوە بۆ پێک هێنانی وڵاتێکی دێمۆکراتیک و فدراڵی کە هەموو لایەک بە ئاسودەیی تێیدا بژین، کەڵکی لێ وەربگرن.

نۆرویژ
Salah_abdollahpour@yahoo. com